سەرۆک وەزیران پێشوازی دەکات لە ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى کوردستان



سەرۆکى ئەنجومەنى وەزیران محەمەد شیاع سودانى ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازى کرد لە ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى کوردستان بەڕێز سەلاحەدین محەمەد بەهادین و شاندى یاوەرى.

نوسینگەى راگەیاندنى سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:لە کۆبوونەوەکەدا گرنگترین دەسپێکان خرانەڕوو لەسەر ئاستى نیشتمانى و هەوڵەکانى حکومەت بۆ پێشکەشکردنى خزمەتگوزارى بە هاوڵاتیان لە سەرجەم پارێزگاکان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکى ئەنجومەنى وەزیران جەختى لە پێرەشى حکومەت کردەوە بۆ باشترکردنى بارودۆخى ژیانى هاوڵاتیان لە هەرێمى کوردستانى عێراق لەگەڵ پێکخستنى وەرگرتنى مووچەى فەرمانبەران و خانەنشینان، وەک هاوڵاتیانى دیکە لە هەموو پارێزگاکانى عێراق، وە ئاماژەى بۆ پێکەوتنانەکرد کە لەم بارەیەوە واژۆکراون و پێویستە پابەندبن پێیانەوە.

هەروەها سودانى جەختى کردەوە لەسەر گرنگى بەهێزکردنى ئاسایش و سەقامگیرى لە سەرانسەرى عێراق و

گرنگیدانی حکومەت بە پێشکەشکردنی پشتیوانی تەواو بە کەمسیەتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پێناو سەرخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بەیارە لە شوباتی داهاتوودا ئەنجام بدرێت.